# شیکاری ناوەڕۆکیی شیعری «ئازادی»ی شێرکۆ بێکەس

جەعفەر قارەمانی

**پوختە**

شیعری ڕەخنەیی بە شیعرێک دەڵێن کە شاعیر شرۆڤەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووریی سەردەمێکی دیار دەکات و بە سوودوەرگرتن لە زمانی شیعری ئەو کێشانە دەردەخات کە لە کۆمەڵگادا ڕوودەدەن. شیعری ئازادی نموونەیەکی ئەو جۆرە شیعرەیە کە شێرکۆ بە کەڵکوەرگرتن لە هێما و وێنەی جۆراوجۆر، ڕەخنە لە بارودۆخی سیاسیی سەردەمی خۆی دەگرێت. لەو شیعرەدا ئازادی وەک ئامانجێکی دەستنەکەوتوو پێناسە دەکرێت کە لەلایەن ڕژێمە پاوانخوازەکەی بەعسەوە پشتگوێ خراوە. نیشتمان، شوێنێکە دەکوژرێت و بووەتە تاتەشۆر و تابووت. ئەو وێنانە ڕەنگدانەوەی قەیرانی شوناسی نەتەوەیی و کولتووری لە زێدی شاعیر دەردەخەن کە بەهۆی شەڕ و گەندەڵیی کۆمەڵایەتی لە مانای ڕاستەقینە دوور کەوتووەتەوە. دەردەکەوێت نیشتمان لەبری ئەوەی سەرچاوەی ژیان بێت، شوێنی مەرگ، ناشتن و دارمانە. دووپاتی چەمکی ئازادی نەک هەر جەخت لەسەر شێواوی و قووڵایی قەیرانی ئازادی دەکات، بەڵکوو ڕاستییەکی پڕ لە ئازار وەبیر خوێنەر دەخەنەوە کە هەلومەرجەکان ناگۆڕێن و ئازادی بەردەوام لە ژێر گوشاردا دەمێنێتەوە. بەو پێیە ئەو شیعرە لە دوو لاوە جێی سەرنجە: یەکەم، ڕەخنە لە بارودۆخی سیاسی و نەبوونی ئازادی و دووەم، هەوڵدان بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا. لەو خوێندنەوەیەدا بەو ئەنجامە دەگەین کە شاعیر بە ڕستەی پرسیاری و وشەی گوماناوی، بێهیوایی خۆی بەرامبەر بە ئازادی و نیشتمان دەردەخات. دووپاتی پرسیاری سەرەتای شیعرەکە بۆ وەرگرتنی وەڵام نییە، بەڵکوو بۆ دەرخستنی ڕاستییەکی تاڵ و گوشاری دەروونی و نەبوونی هیوا، یان جوانییە. ئەو توێژینەوەیە بە شێوازی وەسفی - شیکاری ئەنجام دراوە. لە کۆتاییدا بەو ئەنجامە دەگەین کە لەو شیعرەدا، هەموو شتێک لە دەوری توندوتیژی و چەوسانەوەدا دەسووڕێتەوە.

**وشەگەلی سەرەکی:** شێرکۆ بێکەس؛ شیکاری ناوەڕۆکی؛ هێماخوازی؛ ئازادی.

## ١- سەرەتا

ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەک بیروباوەڕ، هیوا و ئامانجەکانی ئەو نەتەوەیە دەگێڕێتەوە کە بەدرێژایی ساڵان و سەدەکانی ڕابردوو پێک‌هاتووە. ئەدەب، بابەتێکی کۆمەڵایەتییە و بەردەوام لەژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسی سەردەمەکەیدا بووە و باشترین شێواز بۆ تۆماری ئەو بەسەرهات و ڕووداوانەیە (هاورز، ١٣٥٥: ٣١). شیعر وەک فۆرمێکی هونەری بەهۆی پێکهاتە چڕ و هێماییەوە کێشەی شیکردنەوە و تێگەیشتنی بۆ هۆگرانی دروست کردووە. لەم چوارچێوەیەدا شیکاری ناوەڕۆکیی شێوازێکی ناسراوی ڕەخنەی ئەدەبییە کە ئاماژە بە پشکنینی ناوەڕۆکی دەق و پێکهاتەکانی واتایی دەکات. بەپێچەوانەی شیکاری پێکهاتەیی کە تیشک دەخاتە سەر فۆرم و پێکهاتە، شیکاری ناوەڕۆکی زیاتر پەیامی شیعر تاوتوێ دەکات و هەوڵ دەدات توێژەکانی نهێنیی واتایی ڕوون بکاتەوە. لەم جۆرە لێکدانەوەیەدا، نەک هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی مانای ڕواڵەتیی شیعر دەدرێت، بەڵکوو تاوتوێی پێکهاتەی زمانی، چەمکی و هێماییش دەکرێت. یەکەمین و بنەڕەتیترین قۆناخ لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکیدا، دەستنیشانکردنی تەوەر و ناوەڕۆکی شیعرە (کریپندروف، ١٣٨٨: ٩٧). ئەو دوو توخمە لە تێگەیشتنی سەرەتایی شیعر بەشدارن و چوارچێوەیەک بۆ شیکاری قووڵتر دەڕەخسێنن.

هەر شیعرێک جگە لە توێژەکانی مانایی، پەیامێکی دیاریکراویش بە خوێنەر دەگەیەنێت. ئەو پەیامە دەتوانێت لایەنی ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی و تەنانەت ڕامیاریشی هەبێت. لە شیکاری ناوەڕۆکیدا مەرجە، بایەخ بە پێکهاتە و فۆرمی شیعریش بدرێت. شیعر دەکرێت، یان بە فۆرمی کلاسیک وەک: غەزەل، قەسیدە، جووت سەروا، و هتد، بێت، یان فۆرمەکانی نوێ وەک: شیعری سپی، شیعری ئازاد و هتد. پێکهاتەی شیعر دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ لە گەیاندنی پەیام و هەستی شاعیردا هەبێت. پشکنینی پێکهاتە و ناوەڕۆک لەیەک کاتدا یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە فۆرم و ناوەڕۆک چۆن پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. زۆرێک لە شیعرەکان لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا دەنووسرێن و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لەسەر بنەمای بارودۆخی مێژوویی، ڕامیاری و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە دەئافرێنرێن و لە شیکاری ناوەڕۆکیدا پێویستە بایەخێکی تایبەت بەو بابەتە بدرێت، بۆئەوەی تێبگەین بۆچی شاعیر باسی لە هەندێک بابەت کردووە و چ نیگەرانییەک لە پشت بەرهەمەکەی هەیە.

**١-١- شیعری ڕەخنەیی**

شیعری ڕەخنەیی، بە شیعرێک دەڵێن کە شاعیر شرۆڤەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووریی سەردەمێکی دیار دەکات و بە کەڵکوەرگرتن لە زمانی شیعری ئەو کێشانە دەردەخات کە لە کۆمەڵگادا ڕوودەدەن. ئەو جۆرە شیعرە لە بەرامبەر دامودەزگاکانی دەسەڵات، بە ئامانجی گۆڕینی بارودۆخی شێواو هەڵوێست دەگرێت (براهنی، ١٣٧١: ٢٣٦). شیعر بەهۆی زمانی هونەرییەوە، توانایی کاریگەریی لە ئاستی سۆزداری و هزریدا هەیە و دەتوانێت چەمکە ئاڵۆزەکان بە زمانێکی سادە دەربڕێت، بۆئەوەی خەڵکی ئاسایی لێی تێبگەن. ڕۆڵێکی بنەڕەتیی شیعری ڕەخنەیی، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییە. ئەو جۆرە شیعرە دەتوانێت دەورێکی بەرچاوی لە وشیاریی کۆمەڵگادا هەبێت، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی خەڵکەکەی لە پرسەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بێئاگان(لنگرودی، ١٣٩٠: ٦١).

**١-٢- کاریگەریی شیعری ڕەخنەیی**

**١-٢-١- ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و کولتووری**

شیعری ڕەخنەیی ڕەخنە لە بارودۆخەکانی هەبوو و کێشەکانی کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسی دەگرێت. ئەو جۆرە شیعرە لێکدانەوەی بابەتەکانی وەک: گەندەڵی، هەڵاواردن و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەکات. شیعر وەک میدیایەکی هونەری، توانایی گەیاندنی ئەو چەمکانەی بە جەماوەر بە شێوەیەکی کاریگەر هەیە.

**١-٢-٢- کۆکردنەوەی ڕای گشتی**

شیعری ڕەخنەیی لە مێژووی زۆرێک لە بزووتنەوەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا کاریگەری بووە، بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانەی ئازادیی تاکەکان سنووردارە، شیعر دەتوانێت وەک ئامرازێکی گشتی و کارتێکەر بۆ نارەزایەتی دەربڕین و ڕاکێشانی سەرنج بۆ کێشەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەوری هەبێت. شیعری ڕەخنەیی توانایی ئەوەی هەیە، خەڵک ناچار بکات، بەشداری لە چالاکییەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بکەن و ڕۆڵێکی سەرەکی لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵایەتی بگێڕن.

**١-٢-٣- گۆڕانکارییەکانی کولتووری و شوناسی گشتی**

شیعری ڕەخنەیی دەتوانێت لە دارشتنی شوناسێکی نوێی کولتووری و کۆمەڵایەتی شوێندانەر بێت، چونکە ئەو جۆرە شیعرە زۆرجار جەخت لەسەر کێشەکانی بنەڕەتیی ژیانی مرۆڤ دەکات و دەتوانێت بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی گشتی کە لەسەر بنەمای دادپەروەری و ئازادی دادەمەزرێت، یارمەتیدەر بێت (لوکاچ، ١٣٨٤: ٢٦٣). شیعری کوردی بەدرێژایی مێژوو هەمیشە وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی پرسەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری، بەتایبەت لە کاتی قەیراندا بۆ گەیاندنی نارەزایەتی و

ڕەخنەگرتن لە پێکهاتەی سیاسی بەکار هێنراوە. لەو ڕووەوە، ئەو شیعرانەی چەمکەکانی ئازادی و نیشتمان شیدەکەنەوە، دەورێکی گرنگیان لە نواندنەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە.

هێماخوازی ڕێبازێکی ناسراوە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی دژی دەسەڵاتی چەوسێنەر، بەتایبەت لە شیعری نوێدا وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ ڕەخنەگرتن لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوری بووە. سیمبۆلیزم لە زمانی کوردیدا بە «هێماخوازی» وەرگێڕدراوە. ئەو وشەیە مێژوویەکی کورتی لە ویژەی کوردیدا هەیە. لە زمانی ئەدەبیدا بۆ گەیاندنی واتای زیاتر، هێما بەکار دەهێنرێت. نواندنەوەی دووبارەی ڕاستییەکانی کۆمەڵایەتی- سیاسی و پابەندبوونی مرۆڤ، وەک سەرەکیترین ئەرکی ئەدەب ناسراوە، ئەو ڕاستییەی کە کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوە و هەستی شاعیرە و لە کردەدا-کردوەیەکی هاوبەش و ئاراستەیەکی تایبەت بە ژیانی هونەری دەبەخشێت.

کردەی کۆمەڵایەتی شاعیر بڕێک جار بە کەڵکوەرگرتن لە هێماخوازی و بەکارهێنانی هێمای باو، یان داهێنەرانە ئەنجام دەدرێت. بە وتەی لالاند -فەیلەسووفی فەرەنسی- هێما شتێکی نەبینراوە لە ڕێگەی خۆکردەوە دیاری دەکرێت. یۆنگ پێی وایە «هێما» باشترین وێنەی مومکینە بۆ بینینی شتێک کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی، نادیارە و ناکرێت بە شێوازێکی ڕوونتر دەرببڕدرێت(شمیسا،١٣٨٠: ٣١؛ دلاشو، ١٣٦٤: ٩). زۆرجار زاراوەکانی ڕەمز و نیشانە بە هاوتای هێما، یان Symbol دانراوە (عوسمان، ١٣٩٩: ١٩٧؛ حسینی، ١٣٨٩: ج٢: ٥٣٨). هەندێک لە نووسەران، وەک پورنامداریان -توێژەری زمانی فارسی- جیاوازییان لە نێوان هەرکام لەو وشانەی سەرەوەدا داناوە؛ بەڵام لە زۆربەی سەرچاوەکانی ڕوونبێژیدا، هێما بە هەمان ڕەمز و نیشانە ناسراوە و بریتییە لە وشە، یان دەستەوشەیەک واتایەک جیاواز لەو واتایەی لە وشەداندا هەیەتی، بگەیەنێت. بە واتایەکی دیکە، هەرکات وشەیەک جگە لە واتای سەرەکی، واتایەکی دیکەی هەبێت، ئەوە هێمایە. هێماکان لە سەردەمانی زەبروزەنگی ڕامیاریدا، نەک هەر بەشداری لە جوانیی شیعردا دەکەن، بەڵکوو دەتوانن ئەو مانایەی دەرەتانی دەربڕینی ڕاستەوخۆی نییە، ناڕاستەوخۆ بە خوێنەر بگەیەنن.

## ١-٣- مێژووی سەرهەڵدانی ڕێبازی هێماخوازی لە ڕۆژئاوادا

لە کۆنەوە بەکارهێنانی هێما لە ئەدەبدا باو بووە؛ بۆ نموونە کۆتر هێمای ئاشتی و ئاو هێمای ڕووناکی بووە. هێما لە بنەڕەتدا ڕیشەی لە ئەدەبی پێش ئیسلام، چیرۆک و سۆفیگەری دوای ئیسلام، شیعری کۆمەڵایەتیی نوێ و چیرۆکە شیعر داکوتاوە و لایەنی جوانیناسیی شیعر دەوڵەمەندتر دەکات، ئەوە لە کاتێکدایە بەردەوام لە ڕواڵەتی وشە تێدەپەڕێت و مامەڵە لەگەڵ چەمکەکانی ناو کۆمەڵگا دەکات. هێما، هەڵقوڵاوی بەستێنە جۆراوجۆرەکانە و لە پەیوەندی بە پێداویستییەکانی مرۆڤ سەرچاوە دەگرێت و دەرخەری بابەتی نهێنیی تاکەکەسییە. لە شیعری نوێدا، بە یارمەتی هێما شاعیر چ بە مەبەست بێت، یان بەهۆی کۆمەڵێک هەلومەرجی دژوار، پەنا بۆ زمانێکی خوازەیی لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێک هێما کە خاوەنی واتا و دەلالەتی تایبەت و دیارکراون، دەبات (پورنامداراین، ١٣٨٣: ٢٢٧).

هێماخوازی وەک قوتابخانەیەکی وێژەیی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دامەزرا. چارڵز بۆدلێر داڕێژەری ئەو قوتابخانەیە بوو. بۆدلێر پێی وابوو جیهان دارستانێکی پڕ لە هێمایە و تەنیا شاعیر دەتوانێت بە تێگەیشتن ئەو هێمایانە لێکبداتەوە (حسینی ، ١٣٨٩ : ٢٦٩) دوای بۆدلێر، ئارتور ڕیمبۆد، پۆڵ ڤێرلێن و ئیستیفان مالارمێ بەستێنیان بۆ سەرهەڵدانی هێماخوازی زیاتر ئامادە کرد»(هنرمندی، ١٣٨٥ :٢٨٥). ساڵی ١٨٨٦ ڕاگەیەنراوی هێماخوازی لە لایەن ژان مۆرە، شاعیری بە ڕەچەڵەک یۆنانی بڵاوکرایەوە و دوای ئەو قوتابخانەیەک بە ناوی هێماخوازی دامەزرا و جێی سەرنجی نووسەرانێکی، وەک: ئیستوارت بریل، ویل گریفین و ڕێنی ژیڵ و هتد، کە خۆیان بە پەیڕەوانی بۆدلێر و ڕیمبۆ دەزانی، بووە. لەڕاستیدا هێماخوازی ڕێبازێکی ئەدەبی بوو، پێشنیاری بەکارهێنانی چەمکەکانی بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دەکرد و پەیڕەوانی پێیان وابوو، شیعر دەبێت لە ڕێگەی ئاوازی ناوەوە، ئەو بارودۆخە دەروونییە بگەیەنێت کە ڕاستەوخۆ ناکرێت، دەرببڕدرێت (تولستوی، ١٣٥٠ : ٩٠).

«هۆکارە جۆراوجۆرەکانی وەک بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی، زەبروزەنگی دەسەڵاتی پاشایەتی، ئاشنابوون بە ڕێبازی هێماخوازی و کاریگەرییەکانی و فرەمانایی هێما بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە ڕووکەشی بوونی پەیامی شیعری، لە بەرچاوترین هۆکارەکانی بایەخدانی شاعیرانی هاوچەرخ بە هێماخوازی دێتە هەژمار»(فتوحی، ١٣٨٩: ١٧)، بۆیە شاعیرانی هاوچەرخ هێماخوازییان بۆ واتابەرزی شیعرەکانیان و ڕزگاربوون لە ڕووکەشی بوونی واتا هەڵبژاردووە. ئەو شێوازە دەبێتە هۆی ئەوەی دەق لە بێئاکامی ڕزگار بێت و ئاسۆی لێکدانەوە زیاتر بەڕووی خوێنەری شیعر هەڵبێت. لە شیعری نوێدا ئەو

وشانەی دەبنە هێما، بەپێی بەستێنەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری دەکرێت ژیانی شاعیر و ڕۆحی مرۆڤایەتی و هەستەکانی پێ لێکبدرێتەوە. دەکرێت شاعیر بەپێی هەستی کەسی و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی، لێکدانەوەی جیاوازی بۆ هێماکان هەبێت (زرقانی، ١٣٨٣: ١٦٥).

**١-٣- ١- مێژووی سەرهەڵدانی هێماخوازی لە شیعری نوێی کوردی**

هاوکات کە نیما بە چاولێکەری لە ئەدەبی فەرەنسی دەستی بە نوێکردنەوەی شیعری فارسی و دارِشتنی شێوازێکی نوێی شیعری کرد، لە ئەدەبی کوردیشدا گۆرانی شاعیر بەهۆی ئەو ئەزموونە ئەرێنییانەی لە ڕەوتی شیعری ڕۆژئاوا بەدەستی هێنابوو، شیعری کوردی بە شێوازێکی نوێ ئاراستە کرد، هەرچەند دەکرێت ڕێبازی شیعریی نیما و گۆران بە هاوشێوە هەژمار بکرێت؛ بەڵام ئەو پێکهاتە و گەلاڵە ئەدەبییانەی کاریگەرییان لەسەر شیعری گۆران دانابوو، تەواو لە شیعری نیمادا جیاواز بوون (محمدی خاجلو، ١٣٩٥: ٤:٠٤١٢). هێماخوازیی کۆمەڵایەتی بەناوبانگترین ڕەوتی شیعرییە، ڕەوتێکی شاعیرانە-بیرمەندانە کە بەشدارییەکی بەرچاوی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بووە. شیعری نوێی کوردی لە ڕۆژهەڵات تارِادەیەک کارتێکراو لە ئەدەبی بیانی و بەتایبەتی شیعری نوێی فارسییە. شاعیرانی هاوچەرخی کوردی هەرکام کەم یان زۆر بەشدارییان لەو ڕەوتە شیعرییەدا کردووە. سەرەتای شیعری کوردی لە ڕۆژهەڵاتیش بە شێوازی نوێ و کەڵکوەرگرتن لە زمانی هێمایی دەکرێت بۆ عەلی حەسەنیانی، فاتیح شێخولئیسلامی و سوارە ئێلخانیزادە بگەڕێنرێتەوە، هەرچەند لە شیعری هەر سێ شاعیردا زمانی هێمایی بەکارهاتووە؛ بەڵام بەپێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە زمانی شیعریی سوارە لە حەسەنیانی و شێخولئیسلامی هێمادارتر بووە. دیارترین تایبەتمەندیی ئەو ڕەوتە، پەیوەندیی واتایی لە نێوان شیعر و کۆمەڵگایە.

**١-٣-٢- پێشینەی توێژینەوە**

لە ئەدەبی فارسیدا کۆمەڵێک توێژینەوەی بەپێز و زانستی لە چوارچێوەی وتار زانستی توێژینەوەیی، نامە ئەنجام دراوە کە هەرکام لە گۆشەنیگایەکەوە ڕۆچوونیان بۆ دونیای شیعری شێرکۆ بێکەس کردووە. لە دێژەدا بۆ زانیاریی زیاتر تەنیا ئاماژە بە چەند وتارێک دەکەین. انعکاس اوضاع اجتماعی در اشعار شیرکو بیکس. پیمان تباری؛ سیداحمد پارسا؛ محمدعلی گذشتی. پژوهشنامه ادبیات کردی، دورەی ٢، ش ٢، شمارەی پیاپی ٣، صص ١- ١٤، سال ١٣٩٥. واکاوی گفتمان ادبی شعر نو فارسی و کُردی در دو شعر از شاملو و شیرکو بیکس، فرهاد محمدی، نشریۀ زبان و ادب فارسی دانشگاه تبریز، شماره

٢٤٦/٧٥ پاییز و زمستان١٤٠١. تخیل خلاقانه و تصویرپردازی مبتنی بر آن در شعر شیرکو بیکس و محمود درویش، (با تکیه بر دەربەندی پەپووله و مدیح الظل العالی). یدالله پشابادی، پژوهشنامه ادبیات کردی، سال دوم، شماره ٣، صص ١٠٩- ٨٣، بهار و تابستان ١٣٩٦. بررسی بازتاب نمادهای اسطوره‌ای در اشعار احمد شاملو و شیرکو بیکس، علی دلایی میلان؛ فهری سلیمان، پژوهشنامه ادبیات کردی، دوره ٤، شماره ١. بهار و تابستان ١٣٩٧. بازتاب مفاهیم نمادین و کهن الگویی آب در شعر شیرکو بیکس، جیهاد شکری رشید؛ ساغر سلمانی‌نژاد مهرآبادی، نشریه درّ دری، ادبیات غنایی، عرفانی، دوره ١١، شماره ٤٠، پاییز ١٤٠٠. بررسی تطبیقی اشعار سیاسی احمد شاملو و شیرکو بیکس، علیرضا حسینی؛ مهناز سهرابی،کنفرانس بین‌المللی ادبیات و پژوهش‌های تطبیقی در آن - سال ١٣٩٤. مضمون آفرینی‌های شیرکو بیکس با نوسازی تلمیح به داستان پیامبران، محمد ایرانی؛ سمیرا کنعانی، نشریه ادبیات و زبان‌های محلی ایران زمین، پیاپی ١٤، شماره١، سال ١٣٩٦. سمبولیسم اجتماعی در سروده اینک دختری میهن من است. جیهاد شکری، HUJ-Volume ٨, Issue ٣، زانکۆی هەڵەبجە، ٢٠٢٣. بازنمایی استعاری جهان‌های زیرشمول در انگارۀ جهان‌های متن از منظر شناختی: مطالعۀ موردی اشعار شیرکو بیکس در سرآغاز کتاب کرسی. بهمن حیدری؛ عامر قیطوری؛ مسعود دهقان. پژوهشنامه ادبیات کردی، دوره ٨، شماره ١، شماره پیاپی ١٣، شهریور ١٤٠١، صفحه ١٢-١. شاخ له شیعری شێرکۆ بێکەسدا: واتا و هێما. عوسمان، هەرێم عوسمان. پژوهشنامه ادبیات کردی، سال ٦، ش ١، پیاپی ٩، صص ٢١٩-١٩١. بەپێی خوێندنەوە و بەدواداچوون بۆ شیعری ئازادی، دەردەکەوێت ئەو شیعرە تا کاتی نووسینی ئەو وتارە هیچ لێکدانەوەیەکی بە شێوازی شیکاری ناوەڕۆکی بۆ ئەنجام نەدراوە و وتاری بەردەست وەک یەکەم خوێندنەوە بۆ ئەو شیعرە دەستنیشان دەکرێت.

**١-٣-٣- شێرکۆ بێکەس و هێماخوازی**

لەنێو شاعیرانی هاوچەرخی کوردیدا، شێرکۆ وەک ناسراوترین نوێنەری شیعری ڕەخنەیی و هێمایی ناسراوە کە بەرهەمەکانی کاریگەریی بەرچاویان لەسەر دارشتن و بەهێزکردنی شوناسی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا بووە. هەرێمی کوردستان لە سەرانسەری حکومەتەکانی سیاسیی عێراق، بەتایبەتی لە سەردەمی سەدام حوسێندا تووشی سەرکوت، شەڕ، ئەنفال و کیمیاباران بووە. بەدرێژایی سەدەی بیستەم، کورد لەو هەرێمەدا کەوتووەتە بەر گوشاری سیاسی. مێژوو شاهیدی شەڕ و چەوسانەوە و هەموو جۆرە هەڵاواردنێک لەو بەشە هەیە. لە کەشێکی وەهادا شیعر وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی

ناڕەزایەتی لەو بارودۆخە، بەتایبەتی لەو سەردەمانەی میدیا لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی داگیرکەردا بوو، ڕۆڵی بەهێزی بووە.
شێرکۆ ڕۆژی ٢ی ئایاری ساڵی ١٩٤٠ لە سلێمانی لەدایک بووە. ئەو لە سەردەمێکدا ژیاوە کە کورد لە ژێر گوشاری توندی ڕژێمی پاوانخوازی بەعسدا بووە. تەمەنی منداڵی و گەنجی بێکەس هاوکات لەگەڵ شەڕی ناوخۆ و ڕاپەڕینی کورد و سەرکوتی دڕندانە بوو. ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسییە وایکرد بێکەس هەر لە گەنجیدا شیعر بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی بەکار بهێنێت و یەکەمین شیعری لە تەمەنی ١٧ساڵیدا بڵاو کردووەتەوە. وەک شاعیرێکی وشیار داوای گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکات و بەرگری لە ئازادی تاک و کۆمەڵایەتی وەک گرنگترین پێویستیی مرۆڤ دەکات. شێرکۆ بە کەڵکوەرگرتن لە زمانی شیعری، بارودۆخی شێواوی باشووری کوردستانی لە سەردەمی بەعسدا نواندووە و باس لە نەبوونی ئازادیی تاکەکەسی و سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان دەکات. لە زۆرێک لە شیعرەکانیدا ئازادی وەک خەمێکی سەرەکیی مرۆڤ نواندووە. شیعری بێکەس بەو پێیە لە دوو ڕووەوە جێی سەرنجە: یەکەم، ڕەخنە لە بارودۆخی سیاسیی سەردەمی خۆی و نەبوونی ئازادیی لە کوردستان و دووەم، هەوڵدان بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا. شێرکۆ ڕەخنە لە توندوتیژی دەگرێت و بەرگری لە پێویستیی ئازادی و یەکسانی دەکات. پێی وایە تەنیا لە ڕێگەی وشیارییەوەیە گۆڕانکاریی ڕاستەقینە و ئازادی بەدی دێت. زمانی شیعریی شێرکۆ سەرەڕای ئاڵۆزییەکانی ناوەڕۆکی، تێگەیشتنی بۆ خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگا دژوار نییە. ئەو خواستن و هێمایانەی بێکەس لە شیعرەکانیدا لە پەیوەندی لەگەڵ ئازادی بەکاریهێناوە، زۆرجار لە سروشت و کولتووری کوردییەوە ئیلهامیان گرتووە. ئەو تایبەتمەندییانە وا لە شیعرەکانی شێرکۆ دەکات تێگەیشتنی ئاسان بێت، بۆیە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر وشیاریی کۆمەڵایەتی بووە. لەو سەردەمانەی گوشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی دژی خەڵکی باشووری کوردستان زیاتر بوون، شیعرەکانی بێکەس وەک سەرچاوەی ڕۆشنگەری دەوری بەرچاویان بووە. شیعرەکانی نەتەنیا لە وێژەی کوردیدا، بەڵکوو لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا ناسراون. لەو شیعرەدا ئازادی وەک ئامانجێکی دەستنەکەوتووە کە لە لایەن ڕژێمە پاوانخوازەکەی بەعسەوە پشتگوێ خراوە. بەو پێیە بەرهەمەکانی وەک گرنگترین سەرچاوەی پەروەردەیی بۆ بەرەی نوێ ناسراون.

**٢- دەقی شیعری ئازادی:**

ئازادی؟ کامەیە ئازادی؟ ئازادی ئەسپێکی شەکەتەو ئەشەلێو هەموو ڕۆژ بار ئەکرێ لە فیشەک!

نیشتمان؟ کامەیە نیشتمان؟

ئەو عەردەی هەموو ڕۆژ دوو سێ جار ئەیکوژین؟

ئەو دەشتەی کە بۆتە تاتە شۆڕ؟

ئەو شاخەی کە بۆتە دارەمەیت؟

ئەو بەرد و ئەو قوڕو ئەو چەوو ئەو لمەی زیندانی لێزاوە؟

نازانم کامەیە نیشتمان! کامەیە ئازادی!

ئەو ئاوەی بە ڕۆژی نیوەڕۆ سەرچاوەی ئەدزین؟

ئەو یارەی لە خەوا چاوانی ئەدزین؟

ئەو هەورەی پێش بارین، بارانی ئەدزین؟

ئەو مانگەی لە شەوی چواردەیا ئەیدزین؟

ئازادی ئەسپێکی شەکەتەو ئەشەلێو هەموو ڕۆژ بار ئەکرێ لە فیشەک! (بێکەس، ١٩٩٨: ٥٢٩).

**٣- تەوەری سەرەکیی توێژینەوە**

شیعری ئازادی نموونەیەکی شیعرەی ڕەخنەیی کە شێرکۆ بێکەس بە کەڵکوەرگرتن لە هێما و وێنەی جۆراوجۆرەوە ڕەخنە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووریی دەسەڵاتی سیاسیی سەردەمی خۆی دەگرێت. شیعری ئازادی بە وروژاندنی چەند پرسیاری بنەڕەتی سەبارەت بە دوو چەمکی «ئازادی و نیشتمان» وێنەی کۆمەڵگایەک لە کاتی قەیران دەنوێنێت. لەو شیعرەدا شێرکۆ بە شێوازێکی هونەری ئاماژە بە ڕۆڵی نەیارانی ناوخۆ لە تاڵانکردنی سەرچاوەکانی سروشتی و مرۆیی دەکات. بێکەس وێنەیەکی ڕەش لەو کەسانە دەردەخات کە بۆ بەرژەوەندیی کەسیی خۆیان سەرچاوەکانی سروشتیی نیشتمان تاڵان دەکەن. دووپاتی «ئازادی و نیشتمان» نەک هەر جەخت لەسەر بەربڵاویی قەیرانی ئازادی دەکاتەوە، بەڵکوو ماناکەی دەکاتە ڕاستییەکی پڕ لە ئازار و بە جۆرێک وەبیر خوێنەر دەخاتەوە کە هەلومەرجەکان ناگۆڕدرێن و ئازادی بەردەوام لە ژێر گوشاردا دەمێنێتەوە. لەو وتارەدا شیعری «ئازادی»ی شێرکۆ بەپێی شیکاری ناوەڕۆکی، هێما دیارەکانی تاوتوێ دەکرێن.

## ٣-١- ئازادی:

ئازادی؟ کامەیە ئازادی؟

ئازادی ئەسپێکی شەکەتەو ئەشەلیّو هەموو ڕۆژ بار ئەکرێ لە فیشەک! (بێکەس، ١٩٩٨: ٥٢٩)

ئەو پرسیارە ڕەنگدانەوەی گومانە لە مانای ڕاستەقینەی ئازادی، وەک ئەوەی ئازادی نەک هەر بەدی نەهاتووە، بەڵکوو پێچەوانەی خۆیەتی. ئەو بابەتە لەو کۆمەڵگایەی لەژێر دەسەڵاتی چەوسێنەردان، دیارە. ئازادی و نیشتمان لەو شیعرەدا ڕەخنەیەکن لە سیاسەتی سەرکوتکەرانەی بەعس. ئەو پرسیارە تەنیا ئاماژە بە مانای گومان لە چەمکی ئازادی نییە، بەڵکوو ئاماژەیە بۆ بارودۆخی ئازادی لەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژین. شێرکۆ لەو دێڕەدا: «ئازادی ئەسپێکی شەکەتە»، وێنەیەکی خەیاڵاوی بەکار هێناوە. ئەسپ بە شێوەیەکی نەریتی هێمای جووڵە و ئازادی و هێزە، بەڵام لەو شیعرەدا «شەکەتە». ئەو وێنەیە ئازادی دەکاتە بوونەوەرێکی لاواز و بریندار، ئەسپێکی ماندوو کە لاوازی و بێتوانایی ئازادی نیشان دەدات و گوزارشت لەوە دەکات کە ئازادی نەک هەر جووڵەی نییە، بەڵکوو بەهۆی توندوتیژی، ناتوانێت تەکان بخوات و لە دۆخێکی قەیراناویدایە.

ئەو باڵە: «هەموو ڕۆژ بار ئەکرێ لە فیشەک»، وێنەیەکی تری ئەو ئەسپە بریندارەیە کە ئاماژە بۆ سەرکوتی بەردەوامی ئازادی دەکات. ئەو دێڕانە ئاماژە بە زوڵم و توندوتیژیی دژی ئازادی دەکەن. فیشەک تەنیا بە مانای هێرشی جەستەیی نییە، بەڵکوو ئاماژە بە سەرکوتی هزری و کولتوورییە کە ڕۆژانە بەسەر ئازادیدا دەسەپێنرێت. ئەو وێنەیە دەربڕی ئەو ڕاستییە تاڵ و ئازاربەخشەیە کە ئازادی ڕووبەڕووی بووەتەوە و ڕۆژانە خەساری زیاتری پێدەگات. فیشەک، هێمای هەڕەشەیە و وەک فاکتەرێک دەخرێتەڕوو کە ڕێگری لە ئازادی و بەدیهێنانی دەکات. ئەو وێنەیە بە وردی بارودۆخی کۆمەڵگایەک نیشان دەدات کە ئازادی ڕۆژانە ڕووبەڕووی زەبروزەنگ دەبێتەوە و نەک هەر نییە، بەڵکوو وردەوردە خەریکە دەڕووخێت. بارکردنی ئازادی لە فیشەک، سەرکوتکردنی ئازادییەکانی تاک لە کۆمەڵگادا وێنا دەکات و ئامانجێکی مرۆیی کراوەتە هێمای ستەم و نیشتمان کە وەک حەشارگە و پشتیوانێک بۆ گەل ناسراوە، مەخابن بووەتە گۆڕەپانی شەڕ و وێرانکاری.

**٣-٢- نیشتمان:**

نیشتمان؟ کامەیە نیشتمان؟

ئەو عەردەی ڕۆژێ دوو سێ جار ئەیکوژین؟ ئەو دەشتەی کە بۆتە تاتەشۆڕ؟

ئەو شاخەی کە بۆتە دارەمەیت؟ ئەو بەرد و ئەو قوڕو ئەو چەوو ئەو لمەی زیندانی لێ‌زاوە؟ (بێکەس، ١٩٩٨: ٥٣٠، ٥٢٩)

شاعیر لەم دێڕانەدا ڕوانگەیەکی پێچەوانە و ترسناک بۆ نیشتمان دەخاتەڕوو. شاعیر جارێکی دیکە بە شێوەی پرسیاری، دەپرسێت: نیشتمان؟ کامەیە نیشتمان؟ ئەو پرسیارە دیسان ئاماژە بە مانای گومان دەکات؛ بەڵام ئەوجار لە پەیوەندی لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمان. نیشتمان بە شێوەیەکی تایبەت هێمای یەکگرتوویی، شوناس و ئاسایشە. بێکەس لە درێژەی شیعرەکەدا دەڵێت: «ئەو عەردەی ڕۆژێ دوو سێ جار ئەیکوژین ؟» ئەو وێنەیە «خاک»، واتە نیشتمان وەک هێمای چەوسانەوە نیشان دەدات. لێرەدا نیشتمان وەک بوونەوەرێکی زیندوو کە خاوەنی شوناسێکی کۆمەڵایەتییە وێنا کراوە کە لە لەناوچووندایە. وا دیارە نیشتمان قوربانییە و نەیارانیش هۆکاری مردنی ئەون. دیسان لەو دێڕانەدا: «ئەو دەشتەی کە بۆتە تاتەشۆڕ؟» و «ئەو شاخەی کە بۆتە دارەمەیت؟» وێرانکاریی نیشتمان دەنوێنێت. ئەو وێنانە بە مانای لەدەستدانی شوناس و مێژووی نەتەوەیین. «دەشت» بە زۆری هێمای گەشە و خۆشگوزەرانییە، بەڵام لەو باڵەدا بووەتە: «تاتە شۆر». وێنەی شوێنێک کە چیتر ژیانی تێدا نییە، بەڵکوو شوێنی ئامادەکارییە بۆ مردن. شاخ کە هێمای شکۆمەندی و سەقامگیرییە، بووەتە «تابووت». لەو دێڕانەدا، شاعیر ئاماژە بەو توخمە بنەڕەتییانە دەکات کە نیشتمان پێکدەهێنن. ئەو وێنەیە نیشان دەدات کە تەنانەت سروشتی نیشتمانیش خراوەتە خزمەتی چەوسانەوە. نیشتمان لەبری ئەوەی شوێنی ژیان و حەسانەوە بێت، بووەتە زیندان؛ دەریدەخات داگیرکاری ڕیشەی لە سروشتی ئەو نیشتمانە داکوتاوە. لەو باڵەدا، «ئەو بەرد و ئەو قوڕو ئەو چەوو ئەو لمەی زیندانی لێ‌زاوە؟»، ئەو توخمانە: بەرد، قوڕ و لم بەشێکن لە پێکهاتەی سروشت، بەڵام بوونەتە ئامرازێک کە بەندیخانەیان بەرهەم هێناوە. ئەو وێنەیە نیشان دەدات لەو نیشتمانەدا، تەنانەت توخمەکانی سروشت بوونەتە هێمای سنووردارکردن و سەرکوت. پێدەچێت لە زێدی شاعیردا سروشت نەتەنیا ئازاد نییە، بەڵکوو بەندیخانەی لێرواوە. بەکورتی، ئەو دێڕانە وێنەیەکی خەمناکی نیشتمان وێنا دەکەن. نیشتمان لەبری ئەوەی سەرچاوەی ژیان بێت، بووەتە شوێنی مەرگ، ناشتن، سەرکوت و داڕمان.

**٤- سروشت: چەمکێکە سەرچاوەکەی تاڵان دەکرێت.**

نازانم کامەیە نیشتمان! کامەیە ئازادی!

شاعیر لە قۆناخی نارەزایەتییەوە دەچێتە قۆناخی سەرلێشێواوی و قەیرانی بوونگەرایی. ئەگەر لە بەشی یەکەمدا، پرسیارەکە دەربڕینی دەنگی نارەزایەتییە، بەڵام لەو بەشەدا لە جۆری سەرسووڕمان و دارمانی دەروونین، تەنانەت شێرکۆ توانای جیاکردنەوە و پێناسەی ئەو چەمکانەی هەر نەماوە.

ئەو ئاوەی بە ڕۆژی نیوەڕۆ سەرچاوەی ئەدزین؟ (بێکەس، ١٩٩٨: ٥٢٩)

ئەو باڵە، وێنەی وڵاتێکە تاڵان دەکرێت، واتە گەندەڵی گەیشتووەتە ئاستێک کە سامانەکانی سروشتی بێترس، دەدزرێن. ئاو، هێمای ژیان، ڕوونی و گەشەکردنە و سەرچاوەکەی سەرەتای هیوا و جووڵەیە، بەڵام شاعیر دەڵێت: ئێمە تەنانەت سەرچاوەکەی بە ڕۆژی نیوەڕۆ تاڵان دەکەین. نیشانەیەک بۆ جێکەوتنی گەندەڵی و نەترسان لە لەناوبردنی بەهاکانی سروشتی.

ئەو یارەی لە خەوا چاوانی ئەدزین؟(بێکەس، ١٩٩٨: ٥٢٩)

خۆشەویست، بەشێوەیەکی نهێنی دزراوە. ڕەنگە خەوی یار، هێمای فریودانی کەسانێک بێت کە لە حاڵەتی بێئاگاییدا غەدریان لێکراوە. شاعیر باس لە جۆرێک چەوسانەوە و دزینی ئارەزووەکان دەکات. سەرکوتکردن تەنانەت لە نائاگایی و لە خەونی خۆشەویستدا ڕوودەدات کە دەتوانێت هێمای نادادپەروەریی بەربڵاو و شاراوە بێت. بەواتایەکی تر، دزینی چاوی مرۆڤ لە خەودا هێمای خیانەتی نهێنی نەیاران و لەناوبردنی خۆشەویستییە. ئەو خواستنە ڕەهەندێکی دەروونی -کۆمەڵایەتی هەیە؛ مرۆڤێک کە لە جوانترین ساتەکانیشیدا خیانەت بە خۆی دەکات.

ئەو هەورەی پێش بارین، بارانی ئەدزین؟ (هەمان: ٥٣٠)

هەور، هێمای هیوا و بارانە و بڕیارە جوانترین بەرەکەت بە دیاری بهێنێت، پێش ئەوەی کاریگەریی ئەرێنی هەبێت، تاڵان دەکرێت. بەواتایەکی تر، باران پێش ئەوەی بتوانێت سوودی بۆ نیشتمان هەبێت، دەدزرێت. ئەو وێنەیە ئاماژە بە گەندەڵیی کۆمەڵایەتی و بێبەزەیی نەیاران دەکات کە پێش بەدیهێنانی ئەنجامی ئەرێنی، هەموو دەرفەتەکان لەناو دەبەن.

ئەو مانگەی لە شەوی چواردەیا ئەیدزین؟ (هەمان: ٥٣٠)

شەوی چواردە هێمای درەوشانەوەی مانگ و جۆرێک لە جوانیی تەواو و کامڵبوونە. دزینی مانگ لەم شەوەدا هێمای خیانەتە لە ڕووناکترین و هیوابەخشترین ساتەکان. هەروەها مانگ هێمای ژیان و جووڵەیە و شێرکۆ بە دزرانی، جەخت لەسەر قووڵایی کارەساتەکە و گوزارشت لە گرنگترین پەیامی شیعرەکە دەکات، ئەویش ئەوە کە نەتەنیا چەوساندنەوەی دەرەکی، بەڵکوو خۆشمان لە وێرانکردنی

نیشتمان هاوبەشین. بێکەس لە شیعرەکانیدا لەو دێڕانەدا لە لایەک ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە تاڵانی سامانەکانی سروشتیی کوردستان دەگرێت، لە لایەکی دیکە، شیعر بە ئامرازێک بۆ بەئاگاهاتنەوەی کۆمەڵایەتی و وشیارکردنەوە پێناسە دەکات. ئەو پێی وایە شیعر دەتوانێت ئامرازێک بۆ دەربڕینی ئازار و زوڵم بێت، بۆیە لە زۆرێک لە شیعرەکانیدا زمانێکی توندی بۆ نواندنی قەیرانی نیشتمان بەکار هێناوە. ئامانجی بێکەس تەنیا وەسفی بارودۆخی کوردستان نییە، بەڵکوو خوێنەر ناچارکردنە بۆ بیرکردنەوە.

لەو دێڕانەدا گوتاری ڕەخنەیی دەگاتە لووتکە. شاعیر بە کەڵکوەرگرتن لە زمانی خواستنی، دیاردەی خۆڵەناوبردن و خیانەتی ناوخۆیی نیشان دەدات. بەپێچەوانەی دوو بەشەکەی پێشوو کە ستەمکاری لە دەرەوە (دەسەڵاتی سیاسی، توندوتیژی، شەڕ) وێنا دەکات، لەو بەشەدا تیشک دەخاتە سەر، ڕۆڵی نەیارانی ناوخۆ، لە تواندنەوەی چەمکەکانی مرۆیی و ئەخلاقی لە کوردستاندا. بێکەس لەو دێڕانەدا نەک هەر ڕەخنە لە گەندەڵی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری دەگرێت، بەڵکوو لە تێکچوونی ژینگە و لەناوبردنی سامانەکانی سروشتیش سکاڵای هەیە. بە سوودوەرگرتن لە وێنەکانی وەک: «دزینی سەرچاوەی ئاو»، «دزینی باران» و «دزینی مانگ» نیشان دەدات لە سایەی گەندەڵیدا سروشت و سامانەکانی ترسی لەناوچوونیان زۆرە. ئاو، یار، هەور و مانگ وەک هێماکانی سروشتی بەکار هاتوون کە دەبێت بە شێوەیەکی ئاسایی هێمای ژیان و جوانی و گۆڕانکاری بن؛ بەڵام لەو دێڕانەدا واتایان بۆ گەندەڵی دەگۆڕێت. وێنەی تاڵانی سەرچاوەکانی سروشتی و مرۆیی، بارودۆخی خراپی ئەخلاقی و کولتووریی بەشێک لە نەیارانی ناوخۆیی دەردەخات کە تێیدا نەتەنیا سامانەکانی سروشتی، بەڵکوو بەها و ئارەزووەکانی مرۆییش بێبەزەییانە لەناو دەبەن. شاعیر لەو بەشەدا بە کەڵکوەرگرتن لە پرسیارەکان باسی بارودۆخی شێواوی نیشتمانی کردووە و وادیارە بە دوای ناسنامە و مانای ئەو چەمکانە لە کۆمەڵگادا دەگەڕێت. بەکارهێنانی ڕستەی «نازانم نیشتمان کامەیە؟ ئازادی کامەیە؟» قەیرانی شوناس و بێتوانایی لە تێگەیشتن لە چەمکەکانی بنەڕەتی دەردەخات.

**٥- ئاستی زمانی**

لەم شیعرەدا زمان تەنیا کەرەستەی دەربڕین نییە، بەڵکوو ئامرازی خەبات و بەرخۆدانیشە. چەمکە باوەکانی وەک ئازادی و نیشتمان کە زۆرجار لە ڕیکلامی فەرمیدا بێمانا کراون، لێرەدا دەخرێنە ژێر پرسیار و پێناسە دەکرێنەوە. شاعیر هەوڵی بنیاتنانەوەی مانا دەدات؛ بەڵام بە وەڵامی ئامادە کراو نا؛ بەڵکوو بە پرسیارکردن و بێمتمانەیی بە وشەکان. ئەو شیعرە بەجۆرێک هێمای قەیرانی مانا لە کۆمەڵگایەکە کە لە ژێر گوشار و سانسۆردایە. زمانی ئەو شیعرە سەرەڕای سادەیی، بە بەکارهێنانی

ڕستەی پرسیاری و وێنەی هەستی، هۆی ئەوەیە خوێنەر نەک هەر بیر لەو چەمکە کۆمەڵایەتییانە بکاتەوە، بەڵکوو هەست بە بێزاری و بێ‌هیواییش بکات.

**٥-١- پرسیاری جەختکردنی:** شێرکۆ بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی سەردەمی خۆی چەند پرسیاری کردووە کە دەبنە هۆی ئەوە کە خوێنەر سەرقاڵی بیرکردنەوە لەو دۆخە شێواو و ئاڵۆزانە بکات. بێکەس لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆ توندوتیژیی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەردەمی خۆی بگێڕێتەوە، بە زمانی هێمایی ئەو بارودۆخانەی دەرخستووە و بەرجەستەی کردوون.

**٥-٢- وێنەی بەرجەستە:** «ئەو ئاوەی بە ڕۆژی نیوەڕۆ سەرچاوەی ئەدزین»، «ئەو یارەی لە خەوا چاوانی ئەدزین؟» شێرکۆ لەو دێڕانەدا ئاماژە بە تاڵانی سامانەکانی سروشتی و سەرچاوەکانی مرۆیی کردووە، ئاماژە بەو گەندەڵییە ئاشکرایە دەکات کە لە لایەن تاقمێک نەیارانی ناوخۆیی دەکرێت.

**٥-٣- سادەیی و ڕوونی:** لە کاتێکدا زمانی ئەو شیعرە سادە و تێگەیشتنییە، مانای شاراوەی ئەوەندە ئاڵۆزە کە خوێنەر ناچار بە بیرکردنەوە دەکات. ئەو سادەبوونە بەجۆرێکە تەنانەت خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگاش توانایی تێگەیشتنیان لە پەیامی سیاسی و کۆمەڵایەتیی شیعرەکە هەیە.

**٦- ئەنجام**

شیعری ئازادی نموونەیەکی بەرچاوی وێژەی هاوچەرخی کوردییە کە لە چوارچێوەی زمانی شیعریدا پرسیاری بنەڕەتیی سەبارەت بە شوناس و چەمکەکانی ئازادی و نیشتمان ورووژاندووە. شیکاری ناوەڕۆکیی ئەو شیعرە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە شاعیر لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێماوە، هەوڵ دەدات وەڵامی قەیرانی مانا لە کۆمەڵگایەکدا کە تووشی توندوتیژی و چەوسانەوە بووە، بداتەوە. لەم دەقەدا زمان تەنیا ئامرازێک بۆ ئافراندنی جوانی نییە، بەڵکوو کردەیەکی وشیارانەیە دژی شێواندنی ڕاستی. پرسیارە دووپاتکراوەکان، وەسفی سروشتی تاڵانکراوی نیشتمان، لەناوچوونی دەروونیی مرۆڤ و ئەو سروشتەی تێیدا دەژیت، دەکات. شێرکۆ بە کەڵکوەرگرتن لە هێماخوازیی کۆمەڵایەتی دۆخی شیواوی نیشتمانی بە شێوەیەکی سەرکوتکراو نیشان داوە. بەو شێوەیە نارەزایەتی بەرامبەر بە توندوتیژی و نەبوونی ئازادی، گەندەڵیی کۆمەڵایەتی و لەناو بردنی بەهاکانی مرۆیی دەربڕیوە. شیعری ئازادی، تەنیا بەرهەمێکی وێژەیی و هونەری نییە، بەڵکوو بەیاننامەیەکی کۆمەڵایەتییە کە شاعیر زمانی هێمایی بۆ پرسیار لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی نیشتمان و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر بۆ کێشە قووڵەکانی کۆمەڵایەتی بەکار هێناوە. لە لایەکی دیکە، نیشتمان لەو شیعرەدا، شوێنێکە دەکوژرێت و بووەتە، مردوو شۆرخانە و تابووت. ئەو وێنانە ڕەنگدانەوەی قەیرانی شوناسی نەتەوەیی و کولتووری لە کوردستانە کە بەهۆی شەڕ و شێواویی سیاسی و خیانەتی نەیارانی ناوخۆ لە مانای ڕاستەقینەی دوور کەوتووەتەوە. دەکرێت بڵێین ئەو شیعرە نموونەیەکی دیاری ئەدەبی بەرخۆدانی هاوچەرخە. شێرکۆ بە کەڵکوەرگرتن لە زمانی خواستنی، خوێنەر بۆ سەیرکردنی دونیایەکی بەراوەژوو کە تەنانەت هیوا و جوانی تێدا تاڵان کراوە، بانگهێشت دەکات.

# بررسی شعر «آزادی» شیرکو بیکس با تمرکز بر تحلیل محتوا

جعفر قهرمانی

**چکیده**

شعر انتقادی، شعری است که در آن شاعر به تحلیل شرایط اجتماعی، سیاسی و فرهنگی دوره‌ای خاص می‌پردازد و با استفاده از زبان شاعرانه، مشکلات موجود در جامعه را بیان می‌کند. شعر «آزادی» نمونه‌ای از این نوع شعر است که در آن شیرکو با بهره‌گیری از نمادها و تصاویر مختلف، به انتقاد از وضعیت سیاسی زمان خود می‌پردازد. این پژوهش، شعر «آزادی» شیرکو را با رویکرد تحلیل محتوا و روش وصفی - تحلیلی بررسی کرده است. در این شعر، آزادی به عنوان آرمانی دست‌نیافتنی معرفی شده که توسط رژیم بعث نادیده گرفته شده است. میهن جاییست که کشته می‌شود و به مرده‌شورخانه و تابوت تبدیل شده است. این تصاویر بازتاب بحران هویت ملی و فرهنگی در کردستان هستند که به دلیل جنگ، فساد اجتماعی، سرکوب و خیانت مخالفان داخلی از معنای واقعی خود تهی شده‌اند. مشخص می‌شود زادگاه شاعر، به جای اینکه محل زندگی و خوش گذرانی و افتخار باشد، مکانی برای مرگ و نیستی است. این تصاویر فضایی منفی از اوضاع سیاسی جنوب کردستان را نشان می‌دهند که باعث درگیری ذهنی و عاطفی خواننده می‌شود. تأکید بر مفاهیم «ئازادی» و «نیشتمان» نه تنها بر تحریف و عمق بحران آزادی در کردستان تأکید می‌کند، بلکه این واقعیت دردناک را نیز به خواننده یادآوری می‌کند که شرایط تغییر نمی‌کند و آزادی همچنان تحت فشار مداوم است؛ بنابراین، این شعر از دو جهت قابل توجه است: اول، انتقاد از وضعیت سیاسی و فقدان آزادی و دوم، تلاشی برای آگاهی‌بخشی و بیداری جامعه. در این تحلیل به این نتیجه می‌رسیم که شاعر ناامیدی خود را از وضعیت «ئازادی و نیشتمان» را با جملات پرسشی بیان کرده است. این پرسش‌های تأکیدی نه برای یافتن پاسخ، بلکه برای آشکار شدن حقیقتی تلخ و ایجاد ناامیدی نسبت به وضعیت موجود «ئازادی» و «نیشتمان» هستند. در این شعر همه‌چیز حول محور مرگ، خشونت و ظلم می‌چرخد.

**واژگان کلیدی:** شیرکو بیکس؛ تحلیل محتوا؛ نمادگرایی؛ آزادی.

**An Analysis of Sherko Bekas's Poem 'Freedom' with a Focus on Content Analysis**

**Jafar Ghahremani**

**Abstract**

Critical poetry is a type of poetry in which the poet analyzes the social, political, and cultural conditions of a specific period and uses poetic language to express the problems existing in society. The poem Freedom is an example of this kind of poetry, in which Sherko employs various symbols and imagery to criticize the political situation of his time. This study examines Sherko's poem "Freedom" through a content analysis approach. In this poem, freedom is introduced as an unattainable ideal that is ignored by the Baath regime. The homeland is depicted as a place of death, turned into a morgue and a coffin. These images reflect the crisis of national and cultural identity in Kurdistan, which has been emptied of its true meaning due to war, social corruption, repression, and betrayal by internal opponents. It becomes clear that the poet's homeland, instead of being a place of life, progress, and pride, is a site of death and burial. These images portray a negative space of Kurdistan's political situation, evoking mental and emotional conflict in the reader. The emphasis on the concepts of "freedom and homeland" not only highlights the distortion and depth of the freedom crisis in Kurdistan but also painfully reminds the reader that conditions remain unchanged and freedom continues to be under constant pressure. Therefore, this poem is significant in two respects: first, as a critique of the political situation and the lack of freedom, and second, as an effort to raise awareness and awaken society. This reading concludes that the poet expresses his despair regarding the conditions of "freedom and homeland" through rhetorical questions. These interrogative statements are not aimed at finding answers but rather at revealing a bitter truth and creating hopelessness about the current situation of "freedom and homeland". In this poem, everything revolves around death, violence, and oppression.

**Keywords:** Sherko Bekas; Content Analysis; Symbolism; Freedom**.**

**سەرچاوەکان**

بهار، مهرداد (۱۳۷٦). *پژوهشی در اساطیر ایران*، چاپ دوم، تهران: آگه.

براهنی، رضا (۱۳۷۱). *طلا در مس*. تهران: ناشر: نویسنده.

بێکەس، شێرکۆ(۱۹۹۸). *خاچ‌ومار و ڕۆژژمێری شاعیرێ*-ڕۆمانەشیعر. سوید:ستۆکهۆڵم، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاپیک، چاپی یەکەم.

تولستوی، لئون (۱۳۷۲) هنر چیست؟ ترجمۀ کاوه دهگان. تهران: امیر کبیر،چاپ سوم.

پورنامداریان، تقی (۱۳۸۳). *رمز و داستانهای رمزی در ادب فارسی*، تهران: علمی فرهنگی، چاپ هفتم.

حسینی، رضا (۱۳۸۹). *مکتب‌های ادبی، جلد ۲* . تهران: نگاه، چاپ پانزدهم.

محمدی خاجلو، نشمیل، و همکاران (۱۳۹۵). *«بررسی تطبیقی نماد عقاب در شعر عربی، کردی و فارسی. پایان نامه کارشناسی ارشد»*. گروه زبان و ادبیات عربی. دانشگاه شهید بهشتی.

دلاشو، م، لوفر (۱۳٦٤). *زبان رمزی افسانه‌ها*. ترجمۀ جلال ستاری. تهران: طوس.

زرقانی، سید مهدی (۱۳۸۷). *چشم‌انداز شعر معاصر ایران*. تهران: ثالث.

شمیسا، سیروس (۱۳۸۰). *جریان سمبولیسم اجتماعی در شعر*. نشریه مدرس. شمارۀ ۳. صص۲۷-۴۲.

عوسمان، هەرێم (۱۳۹۹). *شاخ لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا: واتا و هێما*. پژوهشنامه ادبیات کردی، سال ٦، ش ۱، پیاپی ۹، صص ۲۱۹-۱۹۱.

فتوحی، محمود (۱۳۸۹). *بلاغت تصویر*. تهران: سخن.

فرای، نورتروپ (۱۳۷۷). *تحلیل نقد*، ترجمەی صالح حسینی، تهران: نیلوفر.

کریپندروف،کلوس (۱۳۸۸). تحلیل‌محتوا، ترجمه هوشنگ نایبی، تهران: نسترن

لنگرودی، محمدشمس (۱۳۹۰). شعر و هنر *یک نوع اعتراض است به جهان*. نشریه گزارش. شماره ۲۲۷-صص ۵۹-۵۷.

لوکاچ، جورج (۱۳۸٤).*پژوهشی در رئالیسم اروپایی*، ترجمه اکبر افسری، تهران: علمی و فرهنگی.

هنرمندی، حسن (۱۳۸۵). *بنیاد اندیشه نو در فرانسه*. تهران: زوار، چاپ اول.

هاورز، آرنولد (۱۳۵۵). *محدوده و گسترەی جامعەشناسی هنر*. محدوده و گسترەی جامعەشناسی هنر و ادبیات، ترجمه فیروز شیروانلو، تهران: توس.